# له بارەی زنجیرە مەکسیکیەکانەوە بەڕای من ئاستی هونەرییان زۆر نزمە، ئەتوانم بڵێم لە پلەی سفردایە

دیداری: عومەر کەریم بەرزنجی وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: ئاکۆ محمد



مامۆستا( غەسان نەعسان ) لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٦ی شاری حەلەبە و لە ساڵەکانی ١٩٧٦-١٩٧٧ لە شانۆی زانکۆدا لە حەڵەب وەك ئەکتەرو یاریدەدەری دەرهێنەر کاری کردووە، لە ساڵەکانی ١٩٨٤/١٩٨٧ زانیارییەکانی شانۆیی لە زانکۆی میونخ لە ئەڵمانیای یەکگرتوو خوێندووە، لە شاری ئۆڵم وانەی نمایشکردنی لە پەیمانگای جوانی لە ساڵەکانی ١٩٨٤/١٩٨٥ خوێندووە، بەشداری چەند خولێکی دەرهێنان و نمایشکردنی کردووە لە ژێردەستی مامۆستاو دەرهێنەرانی بەناوبانگی جیاجیا لە وڵاتانی ئەڵمانیاو ئیتالیاو سویسرا، کاری نووسین و دەرهێنانی بۆ دەیان شانۆگەری کردووەو لە شارەکانی میونخ و شارەکانی تری ئەڵمانیاو سویسراو نەمسا نمایش کراون، چەند شانۆنامەیەکی لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوەتەسەر زمانی ئەڵمانی و دواتر کاری دەرهێنانی بۆکردوون و نمایشکراون و لە ئەڵمانیشەوە چەندین دەق و شانۆنامەی وەرگێڕاوەتە سەر عەرەبی و وەك ئەکتەر بەشداری لە سینەماو تەلەفزیۆندا کردووەو لە چەندین زنجیرە درامای عەرەبیدا وەك ئەکتەر بەشداری کردووە و لە ئێستاشدا لە سلێمانی وۆرك شۆپێکی لەسەر نووسینی سیناریۆی درامای تەلەفزیۆنی کردۆتەوەو بەنیازە لە خانەقینیشدا هەمان وۆرك شۆپ بکاتەوەو دواتر لە سلێمانی لەسەر کاری نواندن و ئەکتەر وۆرك شۆپێك بکاتەوە، ئەو وۆرك شۆپەی لە سلێمانی کرایەوە ماڵی سەلام بەهاوکاری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئەرکی بەڕێوەچوون و سازکردنیان لەئەستۆگرتبوو.

- ئایا بەسەرهەڵدان و درووست بوونی سەتەلایت و ڤیدیۆ سیدی و دی ڤی دی و ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی دنیای سینەماو هونەری حەوتەم، ئیدی ڕۆڵی شانۆ کۆتایی نەهاتووە، یاخود مانەوەی شانۆمان بۆچی پێویستە؟.

- ❖ سەرهەڵدانی ڕادیۆو سینەماو تەلەفزیۆن و داهێنراوەکانی دیکە، دەوری زۆر هەبووە لەدواخستنی شانۆ، چوونکە شانۆ ئیشەکەی گەڕاوەتە دواوە، بەڵام شانۆ ئەم شۆکە گەورەیەی هەڵمژی هات چیکرد ئەم داهێنانە تازانەی لەناو خۆیدا توانەوە، شانۆ ئەم داهێنانە تازانەی وەك ڕادیۆو سینەماو تەلەفزیۆن و ئەم شتە تازانەی کە ئەمڕۆ هەیە هەمووی هێنا لە ئیشی شانۆییا لە پێویستی شانۆییا بەکاری هێنایەوە، بۆیە ئێمە ئیشمان بەشانۆ هەیە زیاتر لە مانەی تر چونکە جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە، یان جیاکارییەکی گەورە هەیە لە نێوانی شانۆو هەموو ئەم وەسائیلانەی تردا، ئەم داهێنانە تازانەی کە ئەمڕۆ هەیە هەر هەموویان کە ڕووبەڕووی بینەر دەبنەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕوو بەڕووی دەبنەوە، بەڵام شانۆ یەکەمین شت کەشێکی زیندووە، جگە لەوەش کە کەشێکی زیندووە، کەشێکی بەکۆمەڵیشە، کەشێکە کە کۆمەڵێك کەس پێکەوە تەماشای دەکەن نەك وەك ئەوانی تر کە ڕەنگە تەنها کەسێك تەماشای بکات، لە شانۆدا بینەر بەشێوەیەکی نێگەتیفانە بەرانبەری ئەو دەزگایە دانانیشێ وەکو ئەوەی بەرانبەری دەزگایەکی تر دابنیشێ، بەڵکوو لە شانۆدا بینەر کارێکی پێئەکرێ لەلایەن شانۆکەوەو خۆیشی ئەتوانێ کار لە شانۆکە بکات.



- بۆچی لە بواری شانۆی منداڵان و مێرمنداڵاندا کاردەکەن، ئایا کارکردن بۆ منداڵ و مێرمنداڵان کارێکی قورس و گرانترنییە لەو کارەی کە بۆ گەورە دەکرێت؟.

- ❖ وەکوو هەموو بەرهەم هێنەروو نووسەرێکی تر ئەمەوێت کە بەرهەم هێنراوێك یا نووسراوێك بگەیەنم بەبینەرەکانم، دوای ئەوە کە لە شانۆی منداڵانا ئیشم کرد دابڕام و ماوەیەکی زۆر زۆر لە شانۆی ڕامیارییا ئیشم کرد، گەیشتمە ئەوەی کە ئەگەر بمەوێ بەڕاستی شتێك بگۆڕم لە ڕێگەی نامەی شانۆیی خۆمەوە، ئەو نامەیەی کە دەمەوێ بیگەیەنم، بمەوێ بیگەیەنم ماوەم زۆر کەمە لەلای بینەری گەورە یاخود ناتوانم لەبەر ئەوەی بینەری گەورە بەقۆناغێکی زۆری ژیاندا ڕۆیشتووە و کۆمەڵێك شت کاری تێکردووەو کارتێکردنەکان چۆتەناو ناخییەوە، جگە لەوە بینەری گەورە هەڵچوونێکی مرۆڤایەتی تیایە لەوە دەچێ هاوکاری بکا یان یارمەتی بدات بۆ ئەوەی کە بییەوێت لە شانۆ تێبگات، لەگەڵ ئەو هەڵچوونەی گەورەیا کۆمەڵێك خەسڵەتی لە دەست داوە، ڕاستگۆیی و ئەوەی لە ناخ و دڵیایەتی بۆتی هەڵڕێژێت و بیشییەوێت هەرچییەك لە دەرەوە پێی بگات بیکاتە ناخی دڵیەوە ئەو سیفەتەی نەماوە بە زۆری گەورەکان، لەبەر ئەوەی کە زۆر گوێیان لە موجامەلەو



لەبەر خاتری بەرانبەرەکەی شت دەکات، واتا راستگۆیی زیاتر لە کەسایەتییا نەماوە، بەڕای من بینەری گەورە شەمەندەفەرەکە بەجێی هێشتووە، منداڵ موجامەلەو پیاهەڵدان نازانێت، بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە دەتوانێ هەموو لایەنەکانی شانۆ وەربگرێت و بەڕاستگۆیی مامەڵەی لەگەڵ بکات، بە پێچەوانەی گەورەوە کە گەورە لەوانەیە موجامەلە بکات منالْ ئەگەر هەست بکات ئەو شانۆیەی پێشکەشی دەکەی شانۆیەکی لاوازەو کاڵ و کرچەو خزمەتی ناکات و شادومانی ناکات، راستەوخۆ رەتی دەکاتەوە، لەبەر ئەم هۆیە بەرای من درووست کردنی شانۆ یان ئبشکردن لە شانۆیا بۆ منداڵ زۆر بەنرخ ترە،لە هەمان کاتا تۆ ئەرکێکی زۆر گەورەترت لە سەرە لەوەی کە شانۆیەك بۆ گەورە بکەیت، مەبەست چییە لەوەی کە دەڵێم دەبێت ئاستێکی زۆر بەرزترت هەبێت لە شانۆی منالانا وەکو لە ئاستی شانۆی گەورەدا چونکە منداڵ ناتوانێت شانۆیەکت لێوەربگرێت کە ئاستەکەی نزم بێت، کاتێك کە ئەتەوێت شانۆیەك بۆ منالْ بکەیت، داوای ئاستێکی بەرزی هونەریت لێ ئەکا، لە هەمان کاتا پێویستە ئەو شانۆییەی تۆ پێشکەشی دەکەی بۆ منالان خەیاڵێکی پاك و خاوێنی تیا بەکاربێنی، ئەرکێکی گەورەترە لەوەی کە لە شانۆی گەورەیا ئیشت پێی دەبێ.

ئەرکێکی زیاتریش کە تۆ لە درووست کردنی یا ئیش کردن لە شانۆیا بۆ منالان پێویستت بە شارەزاییەکی زۆر هەیە لە باری دەروونی و زانستی دەروونناسی لای منالان، ترسناکترین تێگەیشتنیش لای ئەو کەسانەی کە ئیشەکەن لە شانۆی منالانا ئەوەیە کە بیەوێت شانۆ وەکو کارایەکی راستەوخۆ یاخود بڵێین هۆکارێکی راستەوخۆ بەکاربهێنین بۆ گەیاندنی مەبەستە سیاسی و پەروەردەیی و یان ئامۆژگارییەکان بۆ منالان کە ئەمە ترسناکترین حاڵەت درووست دەکا لای منالان، شانۆی منالان وەکوو هەموو لایەنەکانی تری ئیشی منالان ئایا نووسینە، ئایا فیلم کارتۆن و هەرچ بوارێکی ترە، کارەکەی بریتییە لە دڵ خۆشکردن یان شادکردنی منالان، لە گەڵ ئەوەیا هیچ شتێك نییە کە مەبەستێك نەبێ لە پشتییەوە، بێگوومان شانۆی منالانیش مەبەستێکی هەیە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەگاتە منالەکە بەلام نابێ ئەم نامەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگاتە منالەکە، یان بە رێگەی دارگرتنە دەست و پێ وتنی ئەمە قەدەغەیەو ئەمە بۆ ئێوە یان ئەبێ ئەمە بکەن هەردوو بواری ئەبێ و مەمنووعە یانقەدەغەیە نابێ لەگەڵ منالا.

- بۆچی کەسایەتی نێو شانۆییەکانتان لە ئاژەڵاندا بەرجەستەکردووە، لەبەر هۆگری مندالانە بۆ جیهانی گیانداران یان چیتر؟.



- ئایا بۆچی کەسایەتی ئاژەڵم هێناوەو بەکارم هێناوە لە شانۆنامەکانمدا، ئەمە دوو مەبەستی لە پشتەوەیە مەبەستی یەکەمیان ئەوەیە منداڵ وەك خۆتان ئاماژەتان پێداوە زۆر بەئاسانی خۆی لە کەسایەتی گیانداریێکدا دۆزیوەتەوە دەتوانێت خۆی لە گیاندارەکەدا بەرجەستەبکات، جگە لەوە بەکارهێنانی کەسایەتی ئاژەڵ لە چیرۆك و شانۆکانا ئەمە شێوازێکی جیهانی گشتگیرە کە هەموو نەتەوەکان تێیدا بەشدارن بەنەتەوەی کوردیشەوە کە زۆربەی چیرۆکەکان بەم زمانە چیرۆك و بەرهەمەکانیان دادەڕێژن، تاکو گەلەکانی تریش بەئاسانی لێی تێبگەن.
- تیپی شانۆی (هەبوو نەبوو) لە کێ پێك هاتووە، ئامانج لە پێك هێنانی ئەو تیپە چی بوو، کاروو بەرهەمەکانی چی بوون و ئێستا چی بەسەر هاتووە، ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە لە کوردستان تیپێکی هاوشێوە درووست بکەن؟.
- پێش ئێستا بۆم باسکردیت کە من پێش ئەوەی لە شانۆی منداڵانا ئیش بکەم لە شانۆی رامیارییا ئیشم دەکرد، وردتر بڵێین من لە هەردوو بواری قەزیەی کوردی و فەلەستینییا بەتایبەتیش لە بابەتەکانی دیکتاتۆری و دیموکراسی لە وڵاتانی جیهانی سێیەما، ئەمانە سەرەتاکانی شانۆی هەبوو نەبوو بوون من ئەو کاتە چەن شتێکم دەربارەی جەژنی نەورۆز لە چەند چوارچێوەیەکی جیاواز جیاوازا پێشکەش کرد، من لە شانۆی (هارۆڵ پیتەر) کە نووسەرێکی ئینگلیزە ئیشم کرد، نووسینەکەی بەناوی(زمانی چیاوە) یان زمانی شاخەوە بوو کە دەربارەی دیکتاتۆریەت بوو لە تورکیا، دەربارەی کوردەکانی تورکیا، هەر لەم بوارەشدا کۆمەڵێك نووسینی کۆمەڵێك نووسەری چەپ خوازم وەرگێڕاو لەناو شانۆکانی(هەبوو نەبوو)دا بەکارم هێنا، لە سەرەتادا ئامانجم ئەوەبوو شانۆیی (هەبوو نەبوو) بەتایبەتی ئیشی خۆمە، تەنها من کورد بووم لەو گرووپەدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ کارد دەکرد، ئەکتەرەکان ئەڵمانی و نەمساوی و سوئیدی بوون، لە بوارەکانا ئیشیان دەکرد، بە پلەی یەکەم مەبەستم ئەوەبوو کە رۆشنبیرانی ئەڵمانی تێبگەیەنم کە رۆشنبیری ئێمەو کولتوری ئێمەو باروودۆخی ژیانی ئێمە لە کوردستان چۆن چۆنییە، ئێمە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان دوو نەتەوە بووین، نەتەوەی کوردو فەلەستینی کە ئەچەوسێنرانەوە لەم قۆناغەدا، دوای ئەوە هەر لە هەمان تیپدا بەشێوەیەکی بابەتی گوێزرامەوە لە شانۆیی رامیارییەوە بۆ شانۆیی منالان، ئەو بابەتانەی کە ئەمویست لە بواری شانۆیا چارەسەریان کەم بنچینەدارتربوون، گرنگترین خاڵ لە شانۆییەکانی هەبوو نەبوودا کە ئەمان ویست چارەسەری بکەین چەوساندنەوەی بێدەسەلاتان بوو، دەسەلاتی پێشینە لەسەر بەرانبەر، من ویستوومە ئەوە

بگەیەنم کە ئێمە شەڕمان ناوێ، لەبەر ئەوەنا کە شەڕ ڕەت دەکەمەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دەمەوێ بەئاشتی بژیم.

بەوەیا هاتووم ئەو نەخۆشیانەم دەرخستووە کە بەهۆی دڕندایەتی دەروونی مرۆڤەوە کە ئەبێتە هۆی چەو سانەوەی برای مرۆڤی، من گەیشتمە ئەوەی هەستم کرد بەوەی کە شتێکی هاوبەش هەیە لە نێوان هەموو مرۆڤێکدا، لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا ئەوەم دۆزییەوە کە نە شتە جوانەکان و نە شتە ناشیرین و خراپەکان لە مرۆڤدا



پەیوەست نیە بەناوچەیەکەوە یابە کۆمەڵێ کەسەوە بەڵکوو هەموو کیشوەرەکان دەبڕێت و لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەك و لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر خێرو شەڕ دەگوازرێتەوە، من لە گوازرانەوەم لە شانۆی رامیارییەوە بۆ شانۆی منالآن شێوازی کارکردنیشم گۆڕا، ئەو شێوازە کۆنەم بەجێ هێشت کە بابەتێك یان دەقێك بەرم و بیبەم بۆ پرۆڤەو ئیشی لەسەرکەم وای لێهات وەکوو رێگای تاقیگا دەستم کرد بەئیش، بۆ پرۆڤەی یەکەم بیرۆکەیەك لەگەڵ خۆم دەبەم، لەگەڵ تیمەکەما لەسەر ئەم بیرۆکەیە ئیشەکەم، پرۆڤە دەکەین، ئێمە کە هاتین بۆ پرۆڤە بۆ ئەو تاقیگەیە کاتێکیشمان دانا بۆ نمایش کردنی شانۆییەکەو بە پێی ئەوە ئیشەکەمان دەست پێدەکردوو خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەو کاتە، لە راستیدا تیمەکە بریتی بوو لە خۆم کە خۆم لوێ بووم ئەو چواردە پازدە کەسە لەگەڵمابوون ئیشیان دەکرد، هەرکامێکیان لەوێ بوونایە، ئەگەر من نەبووم واتا تیمەکەش نیە کەواتە خۆم تیمەکەم، من ئەو ۆرك شۆپانەی دەیکەم لە کوردستانا شتێکی هاوشێوەی ئەوەیە کە لە تیمەکەما تیمی شانۆیی (هەبوو نەبوو) دەمکرد، سەرەڕای ئەوەش لەبیروو ویستما هەیە کە شتێکی لەو بابەتە واتا هاوشێوەی ئەوەی کە لە ئەڵمایادا بوو موختەبەرێك یا تاقیگەیەکی لەو شێوەیە لێرەش دروست بکەین.

- وەك ئەکتەرێك پێت خۆشە لە کام لەم بوارانەدا زیاتر کاربکەیت، لە شانۆ یان زنجیرەی تەلەفزیۆنی یا فیلمی سینەماییدا بۆچی؟.

❖ بەڵێ کە ئەکتەرێك لە شانۆدا کاردەکات دواتر کە دەچێتە بوارێکی ترەوە، تەلەفزیۆن بێت یا سینەما ئەو خۆشەویستی و سۆزەی هەرئەمێنێ بۆ بوارە سەرەکیەکەی کە بواری شانۆیە.

- لە ئاستی جیهانیدا ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییانەی بەرهەم دەهێنرێن کامانەن و لە کوێ بەرهەم دەهێنرێن، پێتان وابوو زنجیرە مەکسیکییەکان خراپترین زنجیرەن بۆچی؟ بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی زنجیرە درامایەکی سەرکەوتووی جیهانی چیمان پێویستە؟.

❖ بەڵێ راستە لە بارەی زنجیرە مەکسیکیەکانەوە لەلای من و بەڕای من ئاستی هونەرییان زۆر نزمە، ئەتوانم بڵێم لە پلەی سفردایە، بەڵام راستیەکەی ناتوانم پێت بڵێم چۆن چۆنی بابەتی درامای کوردی ڕێگای خۆی ئەبڕێ بۆناو بازاڕی جیهانی، ئێستا ئێمە ئەگەر بێین و باسی بازاڕی جیهانی بکەین بۆ دراما کوردییەکان ئەوە بازێك و هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، ئێمە بابێین سەرەتا لە دراوسێکانمانەوە دەست پێبکەین، چوونکە بەڕاستی دراوسێکانمان وەکو ئیشی هونەری ئێستا بازاڕەکانی ئێمەیان داگیرکردووە هەرلە فارس و تورك و عەرەب و دراوسێکانی ترمان کە تۆزێ دوورترن بۆیە دەبێ ئێمەش یەکەمجار ئیش بۆخۆمان و بینەری خۆمان و پاشان بۆ بینەری ئەو دراوسێیانەمان و دواتر ئیش بۆ بازاڕەکانی جیهان بکەین، داواتان کردووە کە ناوی ئەو زنجیرانەی یان ئەو کۆمپانیایانەی کە زنجیرەی زۆر سەرکەوتووی جیهانی لەسەر ئاستی جیهانی ئەمڕۆ درووست دەکەن ناتوانم ناوی چەند زنجیرەیەکت بدەمێ چونکە ئێستا بۆ نموونە من لە ئەڵمانیا بووم کۆمەڵێ زنجیرە هەبوون زۆر ئاستێکی هونەری بەرزوو چاکیان هەبوو بۆنموونە باسی دەکەم کە لە ئەورووپای رۆژئاواو لە ئەمریکا باشترین بازاڕیان هەبوو، چاکترین پێشوازی هەبوو لەلایەن بینەرەکانیەوە بەڵام ئێستا من ئەگەر ناویش بێنم لەبەر ئەوەی خەڵکی خۆمان نامۆن پێی، لەوانەیە بێکەڵك بێت، لەبەرئەوە لە ئاستی جیهانیدا چەندەها جۆر چەندەها بەرهەم و زنجیرەی چاك و ئاست بەرز درووست دەکرێت.



- پڕفرۆشی بەرهەمێك مانای سەرکەوتوویی ئەو بەرهەمە دەگەیەنێت؟.

- نەخێر لە بارەی سینەماو تەلەفزیۆنەوە بارێکی زۆرتاییەتیە مەرج نیە کە بەرهەمێك باشترین فرۆشی هەبوو باش و بێ کەم و کوڕی بێت، مەرجیش نیە ئەوەی فرۆشێکی کەمی هەبێت یاخود بازاڕێکی کەمی هەبێت نەوعیەتێك یا جۆرێکی خراپ بێت، ئەمە لەبارەی سینەماوە، بەلاَم بۆ تەلەفزیۆن ناتوانی بەرهەمێك بەرهەم بێنیت بۆ بینەرێکی هەلَبژاردەو خاوەن زانیاری نوخبە، ئەبێ بۆ تەلەفزیۆن بەرهەمێك بەرهەم بێنی بۆ بینەرێکی فراوان کە زۆربەی زۆری خەلَك بتوانێ چێژی لێ وەربگرێ، ئەمرۆ ململانێکە یان هەولَەکان بۆچییە بۆ ئەوەیە چۆن چۆنی بەرهەمێك بنووسم کە نەوعیەتێکی زۆر باشبێت و بەلاَم گەورەترین بینەریش بەخۆیەوە ببینێت ئەمە بۆ تەلەفزیۆن، بینەری تەلەفزیۆن نایەوێت فێرببێت نایەوێت ئامۆژگاری رەوشتی و ئەخلاقی وەربگرێت بەلَکو دەیەوێت خۆشی وەربگرێ، کەواتە ئەبێ هەولَ بەیت باشترین بینەر بۆ بەرهەمەکانت رابکێشیت بەلاَم بەشێوازێکی هونەری ئەوەندە ساکار کە بتوانیت بینەرەکانت رازی بکەیت، بە پێی تواناش ویستەکانی خۆتی تیادا بەرجەستە بکەیت.

- چەند بەرهەمتان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی؟.

- دوو بەرهەمم وەرگێڕدراوە یەکەمیان (گەشتێك لە نێوان مانگ و دەریادا )یە دووهەمینیان(گۆرانی وەنەوشەو یاسەمین )ە ئێستاش دوو ئیشی دیکەم ئامادەیە بۆ وەرگێڕان.

- لە بەرنامەتاندایە کار بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر لەیلا قاسم و گروپی هەلَۆی سوور بکەن؟.

- بەلَێ ئیشی بۆ دەکەم و ماوەی چەند مانگێکە لە ئیشدام بۆ ئەوە بەلاَم ئەو ئیشە پێویستی بە بەدواداچوون و ئیش و ماندووبوونی زۆر هەیە بۆ ئەوەی حەقێکی تەواوی بدەمێ، مافێکی تەواو بەم بەو ئیشەو لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ئەو زنجیرەیە بەرهەم دەهێنرێ.

هیچ رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنیەك بۆی نییە بەبێ پرس بلاَوی بکاتەوە